وەزیری پەیوەندییەکان داواکارییەک پێشکەش بەئینجومەنی وەزیران دەکات بۆ بلۆککردنی تیک تۆک

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری پەیوەندییەکان، هیام ئەلیاسیری، ڕایگەیاند کە داواکارییەک پێشکەش بە ئینجومەنی وەزیران کراوە بۆ ڕێگریکردن لەبەکارهێنانی تیک تۆک، هاوکات ئاماژەی بۆدا کە عێراق لە لیستی ئۆو وڵاتانە دەرچووە کە زۆرترین سڕدان و بینینی سایتە سیکسیەکان هەبووە.

ئەلیاسیری لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ بڵاوکرایەوە ڕایگەیاند" ژمارەی سڕدانەکان بۆ سایتە سیکسیەکان لە ماوەی مانگی یەکی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە نیو ملیار بووە، بەڵام ژمارەی سڕدانەکان بۆ ئۆو شوناتن لە ماوەی مانگی شوباتی ئەمساڵدا کەمیکردووە بۆ 89 ملیۆن سڕدانیکەر.

ئاماژەی بۆشکرد کەعێراق لە لیستی ئۆو وڵاتانە دەرهێنرا کە زۆرترین سڕدان و بینینی سایتە سیکسیەکانی هەبوو، ئاشکراشیکرد کەداواکارییەک ئاراستەی ئینجومەنی وەزیران کراوە بۆ بلۆککردنی پلاتفۆرمی تیک تۆک".

ناوبراو جەختی لەسەر پێویستی هاوکاری نوێنەرانی خەڵک لە ئینجومەنی نوێنەران کردەوە بۆ ڕاگرتنی ئەم پلاتفۆرمانە.